پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خواردنەوەیەکی بۆ هێندرا ولێی خواردەوە، ولە لای ڕاستیەوە کوڕە منداڵێک هەبوو

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- (دەڵێت): پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خواردنەوەیەکی بۆ هێندرا ولێی خواردەوە، ولە لای ڕاستیەوە کوڕە منداڵێک هەبوو، ولە لای چەپیەوە چەند پیاوێکی بەتەمەن هەبوو، بە کوڕە منداڵەکەی (غوڵامەکەی) فەرموو: «ئایا ڕێگام پێدەدەیت کە بیدەم بە ئەوان؟»، غوڵامەکە ووتی: نەخێر، واللە ئەی پێغەمبەری خودا، بەهۆی بەخشینی تۆ؛ بەشی خۆم نادەم بە هیچ کەسێک، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- (پەرداخەکەی) خستە نێو دەستیەوە.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای ڕوخسەتی کرد لە کوڕە منداڵێک (غوڵامێک) بۆئەوەی خواردنەوەکە بدات بە پیاوە بەتەمەنەکان لە پێش ئەوەی بە ئەوی بدات، ودەیویست بەم شێوەیە هەستی دڵی بەتەمەکان ڕابگرێت، و بۆئەوەی بزانن کە خۆشەویستن وڕێزدارن، ئەگەر سونەت ڕێگر نەبێت لە پێشخستنی ئەم پێدانە، وئەمە ڕوونکردنەوەی سونەتی تێدایە کە ڕاست لە پێشەوەیە وشایستەترە، ونابێت لایەکی تر پێشی ڕاست بخرێت مەگەر بە ڕوخسەتی کەسی لای ڕاست نەبێت، وئەگەر ڕوخسەتی دا؛ ئەوا دروستە، وئاساییە داوای ڕوخسەتی لێبکرێت، ونابێت ڕوخسەت بدات ئەگەر ئەمە لەدەستدانی فەزڵێکی دواڕۆژ وبەرژەوەندییەکی دونیایی تێدا بوو، وئەم غوڵامە ئیبن عەباس بوو -ڕەزای خوای لێبێت-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5651